

# دۆچکەستالینا ....کچی ستالین

# Дочька Сталина

**جەزا چنگیانی**

**تورەبوویت وگۆڕەپانی سەماکەت چۆڵکرد . شەوی سپیت ڕەشکرد * . ئاسمانت بیٚ ئەستێرە . لەم وەرزە سەوزەی شاردا گشت درختی پاسەوانی شەقامەکان وباخچەکانت بیٚ گەلاٚکرد . کە تۆ ڕۆیشتی نەك پێکە ڤۆدگاکەم بەڵکو بتڵە نیوەکەش بیٚ ڤۆدگا بوو . بەبیٚ تۆ شارێك لەبەر دیدەی مندا تاریك و گشت ڕەنگەکانی ڕەشبوون ... کەتۆ ڕۆیشتی وەك هەموو پیاوە ناشیرینە تەنیاکانی دیسکۆکە بیٚ ئافرەت .**



**شەوم بیٚ گۆپکەی مەمك . ناوگەڵی لینج. بیٚ ختۆکەی گۆمەزی سمت و تەکانی جەستە بوو. کە تۆ ڕویشتی موسیقای دیسکۆکە لە بەر گۆی مندا وەك گۆی بیتهۆڤن بۆ سەمڤونیای ژمارە نۆی کپ بوو . بۆچی ڕۆیشتی کە زانیت ئیمشەو ڤۆدکا زەفەری بە ڕۆحم هانی و حەزم**

**بوو بێ تۆ سەرچۆپی سەمایەكی تەنیا بگرم .پێكی ڤۆدگایە بێ مژینی لێوەكانت بمژم .ئیتر لە دوای تۆوە لێۆم بە لێوی هەر پەرداخێكەوە دەنا تامی زووخاوی لێدەهات. زمانم بۆ هەر شیرینەیەك دەبرد وەك جاران تامی زمانە تووتەی بەرمووسەڵانی تۆی لێنەدەهات .دۆچكە ستالینا چەند لە نێو جێگەی نووستندا جوانی . سێكسی . ناسكی  بە ئاڵۆشی كەچی لە یاسای عەشقدا لە ستالین ڕەقتری . هیتلەر پەرتووكی سوتان . ستالین نووسەر . تۆش ئیمشەو وەك ئەوان دكتاتۆرێكی ناسكی ناوگەڵ لینج و مەمك خڕ .....ڕۆحی حەزی شەوێكی منت سوتان .**

**سان پیترسبۆڕگ** 02/07/2005
jazachingiani@hotmail.com
*www.chingiani.de

*** شەوی سپی ( لە وەرزی هاویندا شاری سان پیترسبۆڕگ بۆ ماوەیەك شەوەكانی ڕووناكە . بەو شەوانە دەوترێ شەوی سپی )**